پیرمام: وێڕای هەبوونی پاسەوان، کەچی دزیکردن درێژەی هەیە

شـــەوی ٢٦-٢٠٠٨/٢/٢٧ دوکـــانی وڵاتـــی (حـــەکـــیم قـــادر گەریاوەیی) کە کەلوپەلی ئوتومبێلی تێدا دەفرۆشرێ، دەشکێندرێ و قاسەکەی دەبەن کە بری ١٠هەزار دۆلاری تێدا بووە.

جێگەی ئاماژەیە وێڕای ئەوەی کە هاوینەهەواری پیرمام شوێنێکی هەستیاری هەیە، دەیان بارەگاو بنکەی پارتی دیموکراتی کوردستانی تێدایە، هەروەها زێرەڤانی و پاسەوانی تایبەت بۆ پارێزگاری شارەکە داندراوە کەچی دیاردەی دزی کردن هەر درێژەی هەیە، ئەمەش نیگەرانی و دڵەڕاوکێی بۆ دانیشتووانی شـــارۆچکەی پیرمـــام دروســـت کـــردووەو داوا لـــە لایـــەنـــە پەیوەندیدارەکان دەکەن کە رێگەچارەیەکی گونجاو بۆ پاراستنی ماڵی خەڵک بدۆزرێتەوە، تەنانەت هەندێک کەسێ گومان لە خودی پاسەوانەکان دەکەن و یەوان بەو دزیانە تۆمەتبار دەکەن.

ڕانیە: دوو کەس لە پۆلیسێک دەدەن

ڕۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٧ لە گەڕەکی ڕاپەرینی شاری ڕانییە دوو کەس بە ناوەکانی (ع. ح) و (ک. ئە) بە چەقۆ پەلاماری پۆلیسێکی بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی رانییە دەدەن و بریندار دەکەن.

ئەو پۆلیسە کە ناوی (ش. س. ق)ە بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەو دووکەسە لەخۆڕاوە پەلاماریان داوەو بریندارییان کردووە، بەڵام کەسوکاری دوو پەلاماردەرەکە ئەم رووداوە بۆ کێشەیەکی کۆنی کۆمەڵایەتی دەگێڕنەوە.

جێگەی ئاماژەیە هەردوو پەلاماردەرەکە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێن و پۆلیسە بریندارەکەش رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ.

بێتوێن: دامەزراوەیەکی خێرخوازی کۆمەک دەکات و خەڵکیش گلەیی لێدەکەن

دەزگای خێرخوازی بارزانی لەماوەی رابردوودا کەلوپەلی ناومالّ و خۆراکی بەسەر خەڵکی دەڤەری بێتوێن دابەشکرد، بەڵام هەندێک خەڵک لەجیاتی سوپاسی ئەو دەزگایە بکەن، گلەیی لێدەکەن و بەوە تۆمەتباری دەکەن کە تەنیا هاوکاری ئەو کەسانەی کردووە کە ئەندام و لایەنگری لایەنێکی دەستەڵاتداری کوردستانن و زۆربەشیان پێویستان بە هاوکاری و کۆمەک کردن نیە!

بالیسان: کچێک دەکوژرێ

رۆژی ٢٥-٢-٢٠٠٨ کچێکـــی دانیـــشتووی ناحیـــەی بالیـــسان بەناوی (ع) بەگوللە لەلایەن براکەیەوە کوژرا.

بنەماڵەی قوربانیەکە ئەم رووداوە بە قەزاوقەدەر دادەنێن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە براکەی یاری بە چەک کردووەو نەیزانیوە کە فیشەکی تێدایە، بەهەڵە بەکاری هێناوە، گوللەیەک دەرچووەو خوشکەکەی بەرکەوتووەو گیانی لەدەست داوە.

حاجیاوا: ژنێک دەخنکێ

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٧ لە کۆمەڵگەی حاجیاوا دا ژنێک بە ناوی (ئا. ئە. پ) بەخنکاوی لەنێو ماڵەکەی خۆیدا دۆزرایەوە.

خـزم و کـەسـی قوربانیـەکـە پێیانوایـە کـە ئـەو ژنـە خـۆی خنکاندووە، هۆکارەکەشی بۆ هەژاری و نەداری دەگێڕنەوە، ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە قوربانیەکە بێوەژن بووە و دوو منداڵی هەبووە، خۆی بەخێوی کردوون و کەس نەبووە هاوکاری بکات، بەوهۆیەوە لە رەوشێکی ناخۆشدا دەژیان، ئەمەش وای لێکردووە کە پەنا بۆ خۆ خنکاندن ببات!

ڕانیە: تەرمی ژنێک دەدۆزرێتەوە

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٧ تەرمی ژنێک بەناوی(ج،ب)، تەمەن ٢٤ ساڵ لە پـشت شـوقەکـانی شـاری ڕانییـە دا دۆزرایـەوە کـە شـوێنی گوللـە بەجەستەیەوە دیاربوو.

جێگەی ئاماژەیە ئەم قوربانیە کێشەی لەگەڵ مێردەکەی دا هەبووە، بری ٣٠مسقاڵ زێر دەباتە لای ماڵی باوکی لە چوارقورنە دوای ئەمە لە رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٣لەمال دەردەچێت زێرەکەی لەگەڵ خۆی دەبات و ناگەرێتەوە، خزم و کەسوکاری سۆراغی دەکەن و نایدۆزنەوە، مخابن دوای ٤ رۆژ بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە.

شاوێس: ژنێک دەسووتێ

رۆژی ٢٨-٢-٢٠٠٨ لـە کۆمـەڵگـای (شـاوێس)ی نزیـک شـاری (هەولێر)، ژنێک بەناوی "پ-خ- ع" سووتا.

جێگەی ئاماژەیە کە خزم و کەسی قوربانیەکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لە رقی مێردەکەی ئاگری لەجەستەی خۆی بەرداوەو خۆی سووتاندووە، هەرچەندە بەهاواریەوە چوونەو ئاگرەکەیان کوژاندۆتەوە، بەڵام بەهۆی زۆری رێژەی سـووتانەکـەیـەوە دەمودەست گیانی لەدەستداوە.

خۆران: لەژوانی دوو ئاشقدا ٤ کەس دەکوژرێن

سەرلەبەیانی رۆژی ٢٧-٢-٢٠٠٨ لە گوندی خۆرانی سەر بە قەزای شەقڵاوەی پارێزگای هەولێر دا چوار کەس کوژران.

بەگوێرەی زانیاریەکان رووداوەکە لەو کاتەدا رووییدا کە کوڕو کچێک لە ژووان بوون، بنەماڵەی کچەکە پێیان دەزانن و دەبینن کە کچەکەیان لەگەڵ کوڕێکی ناسیاویاندا لە ژووانن، تەقەیان لێدەکەن و دەیان کوژن، دواتر باوک و برایکی کچەکە دەکوژرێنەوە. بەوهۆیەوە لەئاکامی ئەو کێشەیەدا چوار کەس دەکوژرێن کە سێ لەوان ئەندامی یەک خێزان بوون.

پۆلیسی کەرکوک وڵاتییێک دەڕفێنێ، دواتر تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە

رۆژی یەک شەممە ٢٠٠٨/٢/٢٤ لە نزیک گوندی (کەور) لەسەر رێگەی هەولێر_کەرکوک تەرمی وڵاتی (بەهرۆز محەمەد ئەحمەد) دۆزرایەوە کە نزیکەی ٢مانگ پێشتر لەلایەن مەفرەزەیەکی پۆلیسی کەرکوک بەفەرمانی مقەدەم(سەرباز) بە تۆمەتی ئەوەی ناوبراو ئەمیری گروپێکی تیرۆرستیە رفێندرابوو، بەڵام خەڵکی ناوچەکەو خزمانی قوربانیەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە بەهرۆز کابرایەکی کاسبکار بووە، بە ئۆتۆمبێلی گەڕۆک لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوک دا شتی فرۆشتوە، کێشەکەش لەسەر ئەوە پەیدابووە کە ماڵی موقەدەم سەرباز بە قەرز شتومەکیان لێ کڕیوەو هەندێ پارەشیان بە قەرز لێ وەرگرتووەو نەیانداوەتەوە، کاتێ داوای قەرزەکەی کردۆتەوە کێشە لەنێوان هەردوولادا دروست بووە، کاتێ موقەدەم سەرباز لەو کێشەیە تێدەگات، دڵپیسی لە بەهرۆز دەکات و دەیەوێ تۆڵەی لێبکاتەوە، لە ئاکامدا بەتۆمەتی ئەوەی کە ئەمیری گروپێکی توندرۆی ئیسلامییە لە ناوەڕاستی مانگی دوازدەی ٢٠٠٧ لەگەڕەکی حەیی عەسکەری دەیگرن و شوێن بزری دەکەن، سەرەنجام دوای ٢مانگ تەرمەکەی دەدۆزرێتەوە و دەردەکەوێ کە کوژراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە ئەم رووداوە دەنگۆیەکی خراپی دروست کردووە، خزمانی قوربانیەکەو خەڵکی ناوچەکەش ئەم کارە بە تاوانێکی گەورە دادەنێن و داوای لێکۆڵینەوە دەکەن

لەیلان: شەڕ لەنێوان خەڵک و پۆلیس دروست دەبێ

رۆژی دوو شـەممە ٢٠٠٨/٢/٢٥ لـەبـەردەم فـەرمانگـەی بـاری کـەسـیەتـی تۆمـاری وڵاتیـانی ناحیـەی لـەیـلان لـە ئـەنجـامی پێکهـەڵپژانی خـەڵک و پۆلیسدا شـەڕێکی گـەورە دروسـت دەبێت، بـەهـەزاران بـەرد بـەڕووی دەرگـە و پـەنجـەرە و خـودی پۆلیسـەکـان و خـودی فـەرمانبـەرانـیش دادەدرێ، کەچی پۆلیسەکان بە تەقەی کڵاشینکۆف و دەمانجە وەڵامیان دەدەنەوەو خەڵکەکە بڵاوە پێدەکەن، هەروەها چەند کەسێکی سڤیل و بێدەسەڵات دەخزێننە ژوورەوە و دواتر رەوانەی زیندانیان دەکەن.

جێگەی ئاماژەیە لەوەتەی لیژنەی مادەی ١٤٠ خەریکی پسوڵەی قەرەبووکردنەوەیە سەجەم فەرمانگە پەیوەندیدارەکان قەرەباڵغ بوونە، کەچی کارەکان زۆر بەسستی و لاوازی بەڕێوە دەڕوات، تا ئێستا چەند رووداوی لەو شێوەیە قەوماوەو ناخۆشی لێ کەوتۆتەوە.

شکستی تورکیا هەندێک لە تورکمانەکانی نیگەران کردووە

رۆژی ٢٠٠٨/٢/٢٨ تورکمانێک بەناوی (ئارجومەند سەلاحەدین)، دانیشتووی گەرەکی شاترلوی کەرکوک لەگەڵ کوردێک بەناوی کاوە کە دوکانی ساردەمەنی فرۆشتنی لە شەقامی دکتۆرەکان هەیە، بەشەڕ دێ، کابرای تورکمان هەر دەمودەست تەلەفۆن بۆ کەسێک دەکات، دواتر چەند تورکمانێکی چەقۆ بەدەست دێن، کابرای کورد وەبەر بۆکس و چەقۆ دەدەن، دەیان جنێوی ناشیرینیش بە خۆی و بە نەتەوەی کورد دەدەن، هەڕەشە دەکەن و دەڵێن: سوپای تورکیا بەرێوەیە، لەم رۆژانە دەگاتە کەرکوک، ئەوسا لێرە دەرتان دەکەین، چونکە ئێوە وەکو یەهودی داگیرکەرن و شاری ئێمەتان داگیرکردووە!!

جێگەی ئاماژەیە کاتێ پۆلیس دێ، تورکمانەکان رادەکەن و دەستگیر ناکرێن،کاوەی کوردیش رەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام رۆژی ٢٩-٢-٢٠٠٨ کاتێ هەواڵی کشانەوەی سوپای تورکیا رادەگەیەندرێ، بنەماڵەی ئارجومەند سەلاحەدین ١٥ کەسی ناسراوی تورکمان و هەندێ کورد کۆدەکەنەوەو دەچنە ماڵی کاوەو داوای ئاشتبوونەوە دەکەن، بنەماڵەی کاوەی بریندار وێڕای ئەوەی بەخێرهاتنیان لێدەکەن، بەڵام برای کاوە راشکاوانە پێیان دەڵێ:' ئەوا ئەمڕۆ سوپای تورکیا لەبەر شکستی خۆی بریاری کشانەوەی داوە بۆیە ئێوەش وا هاتوون ئەگینا بەتەما نەبوون بێن، ئێوە هەڕەشەتان کردبوو کە چەند رۆژێکی دیکە لەشکری تورک دەگاتە کەرکوک و لێرە دەرمان دەکەن!!' سەرەنجام کێشەکە یەکلایی دەکرێتەوەو هەردوولا ئاشت دەکرێتەوە.

ئەم مەلایەش دەستگیر دەکرێ

پێشەوای ئایینی شاری دیاربەکر کە لە رێپێوانەکەی دژی لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا قورئانی بەرز کردبۆوەو داوای راگرتنی ئۆپەراسیۆنی کردبوو، دۆزێکی لە دژدا کراوەتەوە، بەوهۆیەوە لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراوە.

مامۆستای ئایینی موحێدین ئەریلماز وێڕای ئەوەی کە بەشداری لە رییپێوانەدا کردبوو، وتاریشی پێشکەش کردبوو، بەتۆمەتی ئەوەی کە ریکلامی بۆ رێکخراوێکی تیرۆریستی و قەدەغەکراو کردووە، دەستگیرکراوەو لە زیندان دا راگیراوە.

جێگەی ئاماژەیە کە مامۆستای ئایینی موحێدین وێڕای ئەوەی لە خۆپێشاندانەکەدا بەشداری کردبوو، قورئانی پیرۆزی بەرزکردبۆوە، هەروەها رەخنەی لە سەرانی تورکیا گرتبوو، گوتبووی: ئەگەر ئەردۆگان موسڵمانە با مافی مرۆڤان لەژێر پێ نەنێ.

سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا زۆر بە چڕی باسیان لەدەستگیرکردنی ئەو پێشەوا ئایینیە کردووە، هەندێکیان خۆشحاڵی خۆیان پێشان داوە، هەندێکی دیکەش پرۆتستۆیان کردووەو بە کارێکی ناڕەوایان داناوەو پێیانوایە کە ئاکامێکی خراپی لێدەکەوێتەوە، چونکە هەم ئەو مامۆستایە لایەنگری تایبەتی خۆی هەیە، هەمیش ئەردۆگان و پارتی دادوگەشەپێدان بە ناوی ئیسلامیەوە کار دەکەن، بەڵام دەستگیرکردنی پێشەوایێکی ئایینی پێچەوانەی بانگەشەی ئەوان دێتەوە.

سلێمانی دژ بە ئەردۆگان ڕێپێوان دەکات

دوای نیوەڕۆژی رۆژی ١-٣-٢٠٠٨ لەسەر داوای ناوەندی چاک و پرۆژەیی پەمەیی، بەمەبەستی خۆپێشان و ناڕەزایی دەربڕن بەرانبەر بە لەشکرکێشی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و هەڵوێست پێشاندان دژ بە سیاسەتی رەجەب تەیب ئەردۆگان، ژمارەیەک لە دانیشتووانی شاری سلێمانی لەبەردەم زانکۆی سلێماندا کۆبوونەوە، لافیتەی دژ بە لەشکرکێشی تورکیایان بەرزکردبۆوە، دژ بە ئەردۆگان و سەرانی تورکیاو پاوانخوازی سوپای تورکیا هوتافیان دەکێشاو بە دەنگی بەرز دەیانگوت: بڕوخێ ئەردۆگان. خۆپێشاندەران بەرەو باخچەی نالی رۆیشتن، دوای ئەوەی بەیاننامەی ناوەندی چاک و پرۆژەی پەمەیی بڵاوکرانەوە کەتێیدا لەشکرکێشی تورکیا ریسواو مەحکوم کرابوو، لەبەردەم باخچەی نالی دا کۆتاییان بە رێپێوانەکە هێنا.

جێگەی ئاماژەیە بەر لە هەواڵی کشانەوەی سوپای تورکیا ئامادەکاری بۆ ئەم رێپێوانە کرابوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە رۆژی پێشتر هەواڵی کشانەوەی سوپای تورکیا بڵاوببۆوە، هەروەها لایەنی دەستەڵاتداریش ئاسانکاریان بۆ رێپێوانەکە نەکردبوو، رێپێوانەکە وەک پێویست نەبوو، چونکە پێشبینی دەکرا کە بەهەزاران کەس لەو رێپێوانەدا بەشداری بکەن و ناڕەزایی خۆیان دژ بە پاوانخوازی تورکیا پێشان بدەن.

هەواڵی سەیر

لە هەفتەی ڕابردوودا لە کۆبوونەوەیەکی فراوانی حزبی و حکومی قەزای چەمچەماڵدا سەبارەت بە کاری ئیداری و خزمەتگوزاریەوە ڕەخنەیەکی زۆر لە ئیدارە و شارەوانی گیرا، خەڵکی پێیانوابوو کە ڕەوتی ئیداری و ئەمنی لەشارەکەدا شێواوە، بەرێوەبەرایەتی پەروەردە پرە لە فەسادی مالی و ئەخلاقی، بە شێوەیەکە کە لووتکەی بەرێوەبەرەکەشی گرتۆتەوە، ئەوەتا سکرتێری قایمقام لە گەرەکێک دایە کە هیچ خزمەتگوزاریەکی بۆ نەکراوە کەچی بەتەنیا ئاو و کارەبا بۆماڵی ئەوان ڕاکێشراوە. هەروەها باندێکی گەورەی دزوجەردەی ناسراو لە شارەکەدا هەیە، زۆر بێترس دەچنە سەر ماڵان و کەسیان لێناگیرێت، لەلایەکی دیکەوە خەڵک رەخنەیان لە شارەوانی گرت و بەکەمترخەم لە تەواونەبوونی پرۆژە خزمەتگوزەریەکان و کاول بوونی شەقامەکان تۆمەتباریان کرد، لەبەرانبەر ئەو هەمو گەلەیی و رەخنەی خەڵکدا بەرپرسان گوتیان: ئەوانە ناڕاستن، بەڵام ئێمە دیموکراسیمان چەسپاندووە، ئەوەتا ئێوە بە ئازادی قسەدەکەن و رەخنەمان لێدەگرن و ئێمەش ناتانگرین و ئازارتان نادەین!!

هەفتەی رابردوو پاسەوانێکی بەنزینخانەی (ئا) هەڵکەوتوو لە سەر رێگەی عەربەت_سلێمانی بەخنکاوی لەنێو تانکەری بەنزیندا دۆزرایەوە، خاوەن بەنزینخانەکە پرسی بۆ داناو مەسرەفی پرسەکەشی گرتە ئەستۆی خۆی. ئەمە جێگەی پرسیاری خەڵک بوو، چونکە دەنگۆی ئەوە هەیە کە پاسەوانەکە لەکاتی دەرهێنانی بەنزین بە سەتڵ قاچی هەڵخلیسکاوەو کەوتۆتە ناو تانکەرەکەو خنکاوە، ئەم کارەشی بەمەبەستی دزینی بەنزین ئەنجام داوە.

بەگوێرەی قسەی خەڵک خاوەن بەنزینخانەکە زۆر هاوکاری ئەو پاسەوانەی کردبوو، بۆ ژیانی خۆی خێزانەکەی خانوویێکی پێدابوو، سەیارەکەشی بۆ چاک کردبۆوە. لەکاتی پرسەکەیدا هەندێک کەس لە خاوەن بەنزینخانەکەیان پرسی کەچۆن پرسە بۆ کەسێک دادەنێ کە دزی لێکردووەو لەکاتی دزیکردندا خنکاوە! خاوەن بەنزینخانەکە گوتبووی: ' کاکە چاک نیە داوای خوێنم لێناکەن؟! ئاخر زەمانە گۆڕاوە، دەترسم تۆمەتباریشم بکەن و بە گرتنم بدەن!'

رۆژی ١-٣-٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان بەبۆنەی کشانەوەی سوپای تورکیا لەنێو خاکی باشووری کوردستاندا کە هێشتا بەتەواویش نەکشاوەتەوە، سوپاسی هێزەی پێشمەرگەی کوردستانی کرد کە تەنیا یەک فیشەکیشیان بەرانبەر بە سوپای داگیرکەر نەتەقاندبوو! لەلایەکی دیکەشەوە سەرچاوەکان جەخت دەکەنەوە کە سوپای تورکیا لە پێنج قۆڵەوە لەشکرکێشیان کردبوو، تەنیا لە قۆڵێک کشاونەتەوە، هەروەها هەندێک کەسیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە هێزێکی پاسەوانی سنوور لە هەولێرەوە بەرەو زاخۆ بەڕێکەوتن و مەبەستیان ئەوەبووە کە بچن شەڕی لەشکرکی تورکیا بکەن کە لەشکرکێشی بۆ ناو خاکی هەرێم کردووە، بەڵام چەند هەلیکۆپتەرێکی ئەمریکا لە بەردەمیاندا نیشتوونەتەوەو رێگەیان لێگرتوون!! کاتێ ئەمریکاش رێگەی گرتووە ئیدی دەروازەیەک نەماوەتەوە بۆ ئەوەی تا خۆیان بگەیەننە شوێنی لەشکرکێشی تورکیا!!

لەناوچەی پیشەسازی شاری کەلار دەمەقاڵی لەنێوان رائیدێک و کەسێک بەناوی (ت.ع) دروست دەبێ، دواتر پێنج چەکدار پەرلاماری رائید سالار ساڵح رەحیم فەرماندەی سریەی پۆلیسی داقوق کە سەر بە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری فریاکەوتنی دووزخورماتووە دەدەن و سەری دەشکێنن، دوای ئەوە لەشوێنەکە دوور دەکەونەوەو کەسیش دەستگیریان ناکات!

جێگەی ئاماژەیە دواتر رائیدەکە سکاڵای خۆی دژ بەو کەسانە تۆمار دەکات و راشیدەگەیەنێ کە هیچ کێشەیەکی لەگەڵ ئەو کەسانەدا نەبووە و کێشەکەش لە دەمەقاڵێیەکی ئاسایی دروست بووە. ئەم رووداوە متمانەی خەڵکی بە هێزی پۆلیس کەم کردۆتەوە، دەگوترێ ئەگەر بەرپرسەکانی پۆلیس نەتوانن داکۆکی و پارێزگاری لەخۆیان بکەن، ئەی چۆن دەتوانن پارێزگاری لەسەرو گیانی وڵاتیان بکەن!!

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com